هاوپەیمانی
بۆ قەرەبووکردنەوەی
دادپەروەرانە
C4JR

ژمارە ١٤
ئازار ٢٠٢٦

## چواردەیەمین  هەواڵنامەی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە تایبەت بە

# یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی

هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردەوەی دادپەروەرانە، بە بەردەوامی هەواڵنامە بڵاو دەکاتەوە بە مەبەستی هاوبەشکردنی زانیاریی درووست و نوێکراوە لەسەر یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی. هەروەها بۆچوون و ئەزموونەکانی هەموو ئەو لایەنە کارایانەی لە جێبەجێکردنیدا بەشدارن دەخاتە ڕوو. ئەمەش بەمەبەستی بۆ خستنەبەرباسی ئەو دڕندەییانەی داعش لە عێراق ئەنجامی داون.

## نوێترین هەواڵەکان لەبارەی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدییەوە

### ئاماری داواکارییەکان

بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ڕزگاربووان و وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە شوباتی ساڵی 2026دا قەرەبووکردنەوەی 2216 ڕزگاربووی دەستی داعشیان ڕاگەیاند کە یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی دەیانگرێتەوە. بەگشتی، لە کۆی 2496 ڕزگاربوو کە بەپێی یاساکە مافی قەرەبووکردنەوەیان جێگیر کراوە، لە ئێستادا تەنیا 809 کەسیان لە عێراق نیشتەجێن. دەتوانن وردەکاریی زیاتر لە پەیجی فەیسبووکی بەڕێوەبەرایەتییەکە لەسەر ئەم بەستەرەی خوارەوە وەربگرن: https://tinyurl.com/4hf3z3y8. هەروەها لێرەشەوە نوێترین ڕاپۆرتی ساڵانەی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە ببینن: https://tinyurl.com/5n6zp2tz.

### جێبەجێکردنی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی

#### نوێکارییە گرنگەکان

بەرەوپێشچوونەکان لە هەوڵەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکەدا بە ئامانجی لێپرسینەوەی تاوانباران

لە شوباتی ئەمساڵدا، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کاروباری ڕزگاربووان و دادگای تێهەڵچوونەوەی نەینەوا کۆبوونەوەیەکی فراوانیان کرد بۆ تاوتوێکردنی مامەڵەکردن و لێپێچینەوە لەو ئەندامانەی داعش کە بەم دواییە لە زیندانەکانی سووریاوە گواستراونەتەوە عێراق. لە کۆبوونەوەکەدا، کە بەرپرسانی دادوەری و نوێنەرانی حکومەت و کەسوکاری قوربانیان و ڕزگاربووان ئامادەی بوون، تیشک خرایە سەر ڕێکارەکانی دادگاییکردن و هەماهەنگیکردن لەگەڵ ناوەندی نیشتمانی بۆ هاریکاریی دادوەریی نێودەوڵەتی و هەوڵدان بۆ ڕوونکردنەوەی چارەنووسی ڕفێنراو و ونبووەکان. هەروەها لایەنە دەسەڵاتدارەکانی ناو کۆبوونەوەکە جەختیان لە گرنگیی بەشدارپێکردنی قوربانیان و ڕزگاربووان لە پرۆسەکەدا کردەوە و داوایان لەو کەسانەش کرد کە زانیاریان لەسەر ئەندامانی داعش هەیە بێنە پێشەوە و ئەو زانیارییانە بە لایەنە پەیوەندیدارەکان بدەن. لەسەر ئەم بەستەرەی خوارەوە زانیاریی زیاتر لەسەر ئەم بابەتە بخوێنەرەوە: https://tinyurl.com/2f4ctnc7.



بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کاروباری ڕزگاربووان و دادگای تێهەڵچوونەوەی نەینەوا کۆبوونەوەیەکیان کرد بۆ تاوتوێکردنی بابەتی لێپێچینەوە لەو ئەندامانەی داعش کە بەم دواییانە لە زیندانەکانی سووریاوە گواستراونەتەوە بۆ عێراق. شوباتی ٢٠٢٦، نەینەوا. وێنە: بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کاروباری ڕزگاربووان.




## هەواڵی پەیوەندیدار

■ لە 1ی مارتی ساڵی 2026، هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆی بە ناونیشانی (زیاتر لە "مەرەکەبی لەسەر کاغەز": بەرەوپێشبردنی بەڵێنەکانی (یاسای ڕزگاربووانی ئێزیدی) دوای پێنج ساڵ لە دەرچوونی یاساکە) بڵاو کردووە. لە کاتێکدا ڕاپۆرتەکە تیشک دەخاتە سەر بەرەوپێشچوونەکانی پرۆسەی پێدانی قەرەبووە مادییەکان و کاریگەریی ئەرێنیی ئەو قەرەبووانە لەسەر سەقامگیریی دارایی و دانپێدانانی کۆمەڵایەتیی ڕزگاربووان، لە هەمان کاتدا ئاماژەش دەکات بە ئاستەنگە بەردەوامەکانی بەردەم ڕزگاربووان، بۆ نموونە بەربەستە بیرۆکراتییەکان بۆ دەستڕاگەیشتن بە قەرەبووەکان، ڕێوشوێنە سنووردارەکانی ڕاهێنانەوە و خوێندن، هەروەها ئەو سنووردارییانەی پەیوەستن بە مافی نیشتەجێبوون و وەرگرتنی زەوییەوە. ڕاپۆرتەکە ئاماژەش بەو کەلێنە بەردەوامە دەدات کە لە پرۆسەی لێپرسینەوەکردن لە دڕندەییەکانی داعش هەیە و هۆکاری ئەوەش نەبوونی بەرەوپێشچوونە لە پەسەندکردنی یاسای تایبەت بە تاوانە نێودەوڵەتییە گەورەکانەوە. ڕاپۆرتەکە شیکارییش بۆ دەرئەنجامەکانی ئەو ڕاپرسییە نهێنییە دەکات کە لە لایەن (هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە)وە ئەنجام دراوە بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی ئاستی ڕازیبوونی ڕزگاربووان لەو قەرەبووانەی بەپێی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی وەریان گرتوون. تەواوی ڕاپۆرتەکە لێرە بخوێنەرەوە: https://c4jr.org/wp-content/uploads/2026/03/C4JR-Report-2026-%EF%BD%9C-Five-Years-After-YSL-arabic.pdf




دوای پێنج ساڵ لە پەسەندکردنی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی، زۆزان سەعید و د. بۆیان گاڤریلۆڤیچ گفتوگۆ دەکەن لەسەر دەستکەوتەکانی یاساکە و ئەوەش یاساکە لە کوێدا کورتی هێناوە.
وێنە: C4JR

■ دوای تێپەڕینی پێنج ساڵ بەسەر دەرچوونی (یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی)دا، هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە ئەڵقەیەکی نوێی پۆدکاستی (زیاتر لە مەرەکەبی سەر کاغەز More Than Ink on Paper)ی بڵاو کردەوە. لە گفتوگۆیەکی نێوان زۆزان سەعید، ڕاوێژکاری مافی مرۆڤی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە و بۆیان گاڤریلۆڤیچ (بەرپرسی پرۆگرامی ماف و دادپەروەری لە دەزگای ژیان بۆ مافەکانی مرۆڤ)، باسی چەند بابەتێکی گرنگ کران، لەوانە دەستکەوتەکانی یاساکە و ئەو بۆشاییانەش کە هێشتا لە یاساکەدا، سەرەتاکانی گەڵاڵەکردنی یاساکە، ڕۆڵی کۆمەڵگەی مەدەنی لە پەسەندکردنیدا، هەروەها ئەو ئاڵنگارییانەش کە لە جێبەجێکردنی قەرەبووکردنەوەکاندا درووست بوون. گفتوگۆکە پرسە فراوانەکانی دادپەروەری، لێپرسینەوە لە تاوانباران و کاریگەرییە درێژخایەنەکانی یاساکەش لەسەر ڕزگاربووان تاوتوێ دەکات. لێرەوە گوێ لە تەواوی ئەو ئەڵقەیەی پۆدکاستەکە بگرن: https://tinyurl.com/j295p74x.

■ نووسینگەی ڕزگارکردنی ڕفێندراوە ئێزدییەکان بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و تێیدا دڵنیایی دەدات لەوەی کاری لەپێشینەیان گەڕاندنەوەی ئەو ئێزدییانەیە کە تا ئێستا لە باکووری سووریا بێسەروشوێنن. بەیاننامەکە جەختیشی لەوە کردەوە کە هەوڵی بەردەوام لە ئارادان بۆ دەستنیشانکردنی شوێنەکانیان و ڕزگارکردنیان، ئەوەش بە ئامانجی دڵنیابوون لە گەڕانەوەیان بە سەلامەتی و شادبوونەوەیان بە خێزانەکانیان. بۆ ئاسانکردنی پەیوەندیگرتن و پێشکەشکردنی داواکاریی ڕزگارکردن یان یارمەتیدان، نووسینگەی ئەم ژمارە پەیوەندییانەی خوارەوە بڵاو دەکاتەوە:

009647504676173
009647504458024
009647502212982

لەسەر ئەم بەستەرەی خوارەوە زانیاریی زیاتر لەسەر ئەم هەوڵە بخوێنەرەوە: https://tinyurl.com/mvn62p3f.

## هەوڵەکان بۆ لێپرسینەوە

■ لە کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٢٦دا، نووسینگەی داواکاری گشتیی نیشتمانیی دژەتیرۆری فەڕەنسا داوای کرد ئەندامی فەڕەنسیی داعش (لۆلیتا سی) لەبەردەم دادگای تایبەتی پاریس دادگایی بکرێت بەهۆی بەشداریکردنی لە جینۆساید و تاوانی دژی مرۆڤایەتی دژی کۆمەڵگەی ئێزدی، هەروەها بەشداریکردنی لە کارەکانی کۆمەڵەیەکی تاوانکاریی تیرۆریستیدا. لۆلیتا سی لە ساڵی ٢٠١٤دا چووە بۆ سووریا و هاوسەرگیریی لەگەڵ چەکدارێکی داعش کردووە. داواکارە گشتییەکان باس لەوە دەکەن کە لە ساڵی ٢٠١٧دا لۆلیتا کچێکی ئێزدی تەمەن هەشتساڵانی بۆ ماوەی زیاتر لە مانگێک لای خۆی بە کۆیلە گرتووە و دواتر داویەتی بە ئەندامێکی دیکەی داعش. لێرەوە زیاتر لەسەر ئەم کەیسە بخوێنەرەوە: [illegible]

■ لە ٩ - ١٢ی شوباتی ساڵی ٢٠٢٦دا، دۆسیەی ئەندامێکی داعش بە ناوی (حەسنا ئە.) لە هۆڵەندا وەک بەشێک لە پرۆسەی تێهەڵچوونەوە باس کرا. لە کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٤دا، حەسنا بووە یەکەم کەس لە هۆڵەندا کە بە ئەنجامدانی تاوان دژی کۆمەڵگەی ئێزدی سزا بدرێت. دادگا ناوبراوی بە چەندین تاوان تاوانبار کرد، لەوانە بەکۆیلەکردن وەک تاوانێکی دژ بە مرۆڤایەتی، ئەم تاوانەشی پەیوەندیی هەبوو بە بەکۆیلەکردنی ژنێکی ئێزدییەوە. سزای ١٠ ساڵ زیندانی بەسەر حەسنادا سەپێندرا. دانیشتنەکان بۆ تێهەڵچوونەوە لە کەیسەکە دەرفەتیان دا بە دادگای باڵا کە پێداچوونەوە بە بڕیارە سەرەتاییەکەدا بکات. بە پاڵپشتی تۆڕی یاسایی ئێزدی، دادگا ڕێگەی بە چەند ڕزگاربوویەکی ئێزدی و ئەندامانی کۆمەڵگەی ئێزدی دا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ چاودێریی دانیشتنەکە بکەن و ئاگاداری ڕێوشوێنەکان بن. ئەم دەرفەتە بووە هۆی ئەوەی بەشداربووان باشتر و قووڵتر لە دادگاییکردنی ئەندامانی داعش لە هۆڵەندا تێبگەن و ڕاستەوخۆ لەگەڵ داواکاری گشتی و پسپۆڕانی یاساییدا پەیوەندی بگرن، ئەمانەش کاریگەرییان هەبوو لەسەر ئەو تێڕوانینانەی ڕزگاربووان لەسەر هەوڵەکانی لێپرسینەوەی نێودەوڵەتی هەیانبوون. لێرەوە زیاتر لەسەر ئەم کەیسە بخوێنەرەوە: https://tinyurl.com/4sjbsrsn.

■ لە ١٦ - ٢٠ی مارت، دادگاییکردنی چەکداری فەڕەنسیی داعش، (سەبری ئەسید) ناسراو بە (ئەبو دۆجانە فەڕەنسی)، بەبێ ئامادەبوونی خۆی، لە دادگای تاوانەکانی پاریس بەڕێوە دەچێت. ئەمە یەکەم دادگاییکردن دەبێت لە فەڕەنسا کە تایبەت بێت بەو جینۆسایدەی دژی کۆمەڵگەی ئێزدی ئەنجام دراوە و یەکەم جاریشە هاووڵاتییەکی فەڕەنسی لەسەر ئەم تاوانە دادگایی بکرێت. سێ ڕزگاربووی ئێزدی و منداڵەکانیان وەک قوربانی بەشداری لە بەڕێوەچوونی دادگاییەکەدا دەکەن. لێرەوە زیاتر لەسەر ئەم کەیسە بخوێنەرەوە: https://tinyurl.com/4wjtu4fb.



دانیشتنی تێهەڵچوونەوە لە دۆسیەی حەسنە ئە. شوباتی ٢٠٢٦، کۆمەڵگەی دادوەری شیفۆڵ، هۆڵەندا.
وێنە: هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە.

## ئاستەنگەکان

لە هەر ژمارەیەکی هەواڵنامەکەماندا، تیشک دەخەینە سەر ئەو ئاڵنگارییە سەرەکییانەی ڕووبەڕووی ڕزگاربووان و لایەنە پەیوەندیدارەکان دەبنەوە لە جێبەجێکردن (یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی)دا. لەم ژمارەیەی هەواڵنامەکەدا، سەرنج دەخەینە سەر ئاڵنگارییەکانی ڕزگاربووان لە دەستڕاگەیشتنیان بە خزمەتگوزارییەکانی ڕاهێنانەوە لە چوارچێوەی یاسای ناوبراودا.

لە ئاياری ساڵی ٢٠٢٥دا، بەڕێوەبەرایەتیی تەندرووستیی نەینەوا فەرمانگە گشتییەکانی سەر بە وەزارەتی تەندرووستیی ڕاسپارد دان بەو کارتە تەندرووستییانەدا بنێن کە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتییەکەوە دەرکراون؛ مەبەست لەوەش ئاسانکاریکردن بوو بۆ ڕزگاربووان بۆ دەستڕاگەیشتنی خۆڕاییان بە چاودێریی تەندرووستی لە سەرانسەری نەینەوادا. سەرەڕای ئەو ڕێوشوێنانەش، هێشتا ئاستەنگی بەرچاو هەن لە پرۆسەی دڵنیاکردنەوەی ڕزگاربووان لە دەستڕاگەیشتنێکی کاریگەریان بە خزمەتگوزارییە تەندرووستی و چاکسازییەکانی ناو چوارچێوەی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی. بەهای ئەم کارتانە سنووردارە، بەو پێیەی خزمەتگوزاریی تەندرووستیی گشتی لە عێراق بۆ هەموو هاووڵاتییان بەخۆڕاییە، هەروەها کارتەکان لە بنکە تەندرووستییە تایبەتەکان یان لە هەرێمی کوردستاندا قبووڵ ناکرێن و زۆرێکیش لە ڕزگاربووان لە کوردستاندا نیشتەجێن.

هەروەها لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە تەندرووستییە زیهنی و دەروونییەکانیشدا (MHPSS) هێشتا کەلێن هەیە. لە ڕاپرسییەکدا کە لە لایەن (ڕێکخراوی یەزدا)وە سەبارەت بە جێبەجێکردنی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی ئەنجام دراوە، دەرکەوتووە زۆربەی ئەو ڕزگاربووانەی بەشدارییان لە ڕاپرسییەکەدا کردووە ئاگاداری ئەوە نەبوون خزمەتگوزارییە تەندرووستییە زیهنی و دەروونییەکانیش مافێکن لەو مافانەی لە چوارچێوەی (یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی)دا جێگیر کراون. سەرەڕای ئەوەش، نزیکەی 67%ی ئەو ڕزگاربووانەی بەشدارییان لە ڕاپرسییەکەدا کردووە ڕایان گەیاندووە کە لە قۆناغێکدا لە دوای ساڵی 2014 خزمەتگوزارییە تەندرووستییە زیهنی و دەروونییەکانیان وەرگرتووە. ئەم خزمەتگوزارییانە، کە بە پلەی یەکەم لە لایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکانەوە پێشکەش دەکرێن، زۆرجار کورتخایەنن و تێروتەسەلیش نین، چونکە بەردەستبوون و بەردەوامییان تاڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بە بودجە و پشتگیریی دارایی سنووردار و پچڕپچڕ.

پێویستیی بەردەوامبوونی خزمەتگوزارییە تەندرووستییە زیهنی و دەروونییەکان هێشتا زۆر گرنگە، هەر وەک لە لایەن زیاتر لە 50%ی ئەو ڕزگاربووانەوە ئاماژەی پێ کراوە کە بەشدارییان لە ڕاپرسییەکەدا کردووە، ئەمەش جەخت دەکاتەوە لەسەر کاریگەرییە درێژخایەنەکانی زەبر و گرنگیی بەردەوامبوونی یارمەتییەکان بۆ ڕزگاربووان. جگە لەوەش، کەلێنێکی گەورە لە نێوان چوارچێوەی یاسایی و جێبەجێکردنی یاساکەدا دەستنیشان کرا.

نزیکەی 80%ی ڕزگاربووان ڕایان گەیاندووە هەرچەند بەپێی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی داوای یارمەتییان کردووە، بەڵام خزمەتگوزارییە تەندرووستییە زیهنی و دەروونییەکانیان پێشکەش نەکراوە. ئەم دەرئەنجامە دەریدەخات هێشتا کەموکوڕیی بەرچاو هەیە لە گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان، میکانیزمەکانی ڕەوانەکردن و یەکخستنی خزمەتگوزارییەکان؛ هەروەها ئاماژە هەیە بە پێویستیی باشترکردنی هەماهەنگی، پەیوەندیکردن و دابینکردنی سیستماتیکیی ڕاهێنانەوە وەک بەشێک لە قەرەبووەکانی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی. بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر خزمەتگوزارییەکانی ڕاهێنانەوە، لێرەوە تەواوی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی یەزدا بخوێنەرەوە:
https://irp.cdnwebsite.com/16670504/files/uploaded/Yazda_YSL_Report_July2025_R3_2.pdf

هەرچەندە یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی لە ناوخۆی عێراقدا جێبەجێ دەکرێت، بەڵام وا دەردەکەوێت زۆرینەی سوودمەندە دانپێدانراوەکان لە ئێستادا لە دەرەوەی وڵات نیشتەجێن. بەگشتی، ٢٤٩٦ ڕزگاربوو بەپێی یاسای یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی بە شایستەی قەرەبووکردنەوە قبووڵ کراون، بەڵام لە ئێستادا تەنیا ٨.٩ کەسیان لە عێراق نیشتەجێن. لە ئەنجامدا، نزیکەی 70%ی ئەو ڕزگاربووانەی یاساکە دەیانگرێتەوە ناتوانن سوود لە زۆربەی ڕێوشوێنە گرنگەکانی قەرەبووکردنەوە وەک (ڕاهێنانەوە، زەوی، خانووبەرە، خوێندن و دامەزراندن) وەربگرن، لەبەر ئەوەی بەپێی ڕێکارەکانی یاساکە، ئەو خزمەتگوزارییانە لە ناوخۆی عێراقدا دابین دەکرێن. سەرەڕای ئەوە، دەستڕاگەیشتن بە سەرکەوتووترین ڕێوشوێنی قەرەبووکردنەوەی ناو یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی، بە مانایەکی تر قەرەبووی مادی، لە مەترسیدایە، ئەوەش بەهۆی بەرزیی کرێی مامەڵە بانکییە نێودەوڵەتییەکان و ئەو کاریگەرییە ئەگەرییانەی دەکرێت وەرگرتنی ئەو جۆرە پارانە لەسەر دۆخی کۆچبەریی ڕزگاربووان لەو وڵاتانەدا درووستی بکات. بە شێوەیەکی گشتیتر، پێدەچێت ئەو زەمینە فراوانترەی کە یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی تێیدا کار دەکات-ئاوارەبوونی بەردەوام، بەرەوپێشچوونی سنووردار لە سەقامگیربوونی شەنگال، چارەسەرنەکردنی حوکمڕانی و داینامیکی ئەمنی لە عێراق و پەرەسەندنی ململانێ ناوچەیییەکان- هەموو ئەمانە ڕۆڵیان هەیە لە کۆچکردنی زۆرێک لە ڕزگاربووان بۆ دەرەوەی عێراق.

بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم ئاڵنگارییانە، هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە پێشنیاری ئەوە دەکات ئەو کارتە تەندرووستییانەی لە چوارچێوەی (یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی)دا دەرکراون لە دامەزراوە تایبەتەکان و هەرێمی کوردستاندا دانیان پێدا بنرێت و قبووڵ بکرێن. پێویستە هۆشیاریی تایبەت بە خزمەتگوزارییە تەندرووستییە زیهنی و دەروونییەکانیش وەک مافێکی یاسایی لە ڕێگەی گەیاندنێکی ئامانجدارەوە پەرەی پێ بدرێت،

لە هەمان کاتیشدا خودی خزمەتگوزارییەکانیش بە شێوەیەکی سیستماتیکی لە ڕێگەی ناوەندەکانی ڕاهێنانەوەی (یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی)یەوە پێشکەش بکرێن. باشترکردنی هەماهەنگیی نێوان دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکان و پێشکەشکارانی خزمەتگوزارییەکان زۆر گرنگەچونکە دەبێتە هۆکارێک بۆ دڵنیابوون لە گەیاندنی بەردەوامی خزمەتگوزارییەکان، دابینکردنی ئەو خزمەتگوزارییە تەندرووستییە زیهنی و دەروونییانەش کە لە لایەن دەوڵەتەوە پشتگیری دەکرێن، هەروەها دابینکردنی چاودێریی بەردەوام بۆ نەهێشتنی کەلێنەکانی نێوان چوارچێوەی یاسایی و جێبەجێکردنی یاساکە لەسەر ئاستی واقیع. لە کۆتاییدا، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ژمارەیەکی زۆری سوودمەندانی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی لە دەرەوەی عێراق نیشتەجێن، باشترە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کاروباری ڕزگاربووانڕاپرسییەک یان ڕاوێژ لەگەڵ سوودمەندان ئەنجام بدات بۆ هەڵسەنگاندنی ئەولەویەت و پێداویستییەکانی ئێستایان، ئەوەش بە مەبەستی ئاسانکاریکردن بۆیان لە دەستڕاگەیشتنیان بەو ڕێوشوێنە سەرەکییانەی قەرەبووکردنەوە کە لە چوارچێوەی یاساکەدا جێگیر کراون.

## هاریکاریی یاسایی

بۆ پشتگیریکردنی ڕزگاربووان لە زاڵبوون بەسەر ئاستەنگیەکاندا، هاوپەیمانی بۆ قەرەبوکردنەوەی دادپەروەرانەپاڵپشتیی یاسایی پێشکەش بە ڕزگاربووان دەکات بۆ پێشکەشکردنی داواکاریەکانیان لەچوارچێوەی یاسای ڕزگاربووانی ئێزیدیدا.
ئەگەر خۆت یان کەسێک دەناسیت پێویستی بە پشتگیری یاسایی هەبێت، تکایە پەیوەندیمان پێوە بکە.

+9647508516311 legalaid@c4jr.org

## داتاکانی ڕاپرسی


هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە ڕاپرسییەکی نهێنیی ئەنجام داوە بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی ڕازیبوونی ڕزگاربووان لەو قەرەبووانەی لە چوارچێوەی (یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی)دا پێیان دەبەخشرێن. لەم هەواڵنامەیەدا، هەندێک لە ئەنجامەکانی ڕاپرسییەکەدا دەخەینە ڕوو. شیکاریی تەواوی ئەنجامەکان لە ڕاپۆرتی ساڵانەی (هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە)دا بەردەستە و دەتوانیت لەسەر ئەم بەستەرە ببینیت: https://tinyurl.com/5n6zp2tz.

بەگشتی، هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە ڕاپرسی لەگەڵ 134 ڕزگاربوو کرد کە 113 ڕزگاربوویان لە ڕەگەزی مێ بوون (84%) و 21 کەسیان لە ڕەگەزی نێر بوون (16%). بەشداربووان سەر بە ئەم پێکهاتانە بوون: ئێزدی (75%)، شەبەک (11%)، تورکمان (10%)، و مەسیحی (4%).

ڕەگەزی بەشداربووان





کۆمەڵگای بەشداربووان





### ئاستی ڕازیبوون لە قەرەبووە مادییەکان

بە گشتی، بەشداربووان ئاستێکی بەرزی ڕەزامەندییان نیشان دا هەم بەرانبەر بڕی قەرەبووەکە، هەم ڕێکوپێکیی وەرگرتنیشی لە کاتی خۆیدا. زیاتر لە نیوەی بەشداربووان (54%) ئاماژەیان بەوە کردووە کە لە بڕی قەرەبووە مادییەکە (تا ڕادەیەک ڕازین)، لە کاتێکدا 31% وتوویانە (زۆر ڕازین) و تەنیا 8% ڕایان گەیاندووە کە (تا ڕادەیەک ناڕازین). بە هەمان شێوە ئاستی ڕەزامەندبوون لە ڕێکوپێکی و کاتی دابەشکردنی قەرەبووەکەش بەرز بوو. ٥٤٪ (تا ڕادەیەک ڕازی بوون) و ٤٥٪ (زۆر ڕازی بوون). ئەمە ئەوە پیشان دەدات کە لە کاتێکدا ڕزگاربووان بەگشتی قەرەبووە مادییەکە وەک هاوکارییەکەی چاوەڕوانکراو و متمانەپێکراو سەیر دەکەن، بەڵام گونجاوی ئەو بڕە پارەیە هێشتا وەک پرسێکی ناکۆکیلەسەر دەمێنێتەوە.

تا چەند ڕازییت بەو بڕە قەرەبووەی کە وەرتگرتووە؟





تا چەند ڕازیت لە ڕێکوپێکی و کاتی پێدانی قەرەبووکردنەوە؟




### تێکەڵکردنەوەی ئابووری-کۆمەڵایەتی


کاتێک پرسیار لە بەشداربووان کرا کە ئایا وەرگرتنی قەرەبووەکان یارمەتیی داون بتوانن کار بکەن بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان یان گەیشتوون بەو ئامانجانەی ژیانیان کە پێش ئەنجامدانی پێشێلکارییەکان بەرانبەریان هەیانبوون، زۆرینەیان ڕایان گەیاند (تا ڕادەیەک) لەو لایەنەوە بەرەوپێشچوونیان بە خۆیانەوە بینیوە. بە دیاریکراوی، 68%ی بەشداربووان ڕایان گەیاندووە کە قەرەبووکردنەوە بە شێوەیەکی (مامناوەند) یارمەتیی داون، لە کاتێکدا 14% ڕایان گەیاندووە کە قەرەبووەکە (یارمەتیدەرێکی بەرچاو) بووە، 18% ڕایان گەیاندووە کە هیچ گۆڕانکارییەکی نەبووە. لەنێو ئەوانەی وردەکارییان خستەڕوو، ئامانجە باوە ئاماژەپێکراوەکان بریتی بوون لە هاوسەرگیریکردن، دروستکردنی خێزان، گەڕانەوە بۆ خوێندن و تەواوکردنی خوێندن، ئەمانەش تیشک دەخەنە سەر ڕۆڵی گرنگی قەرەبووەکان لە یارمەتیدانی ڕزگاربوواندا بۆ دووبارە بونیادنانەوە و ڕێکخستنەوەی ڕێڕەوی ژیان کە بەهۆی توندوتیژییەوە تێکچووە.

ئایا وەرگرتنی قەرەبوو یارمەتیت داوە کاربکەیت بۆ یان گەیشتن بەو ئامانجانەی ژیان کە پێش پێشێلکارییەکە هەتبوو؟




سەبارەت بە تێکەڵکردنەوەی کۆمەڵایەتی، 72%ی بەشداربووان ڕایان گەیاندووە کە قەرەبووکردنەوەکانی ناو چوارچێوەی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی یارمەتیی داون هەست بە (یەکگرتنی زیاتر لەگەڵ کۆمەڵگە) بکەن، لە کاتێکدا 28% ڕایان گەیاندووە کە (تا ڕادەیەک یارمەتیدەر) بووە. بە هەمان شێوە، 79% ئاماژەیان بەوە کردووە کە قەرەبووەکان کاریگەریی ئەرێنییان هەبووە (لەسەر چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵیان لە لایەن خێزان و کۆمەڵگەی فراوانترەکەیانەوە). یەکێک لە هەر پێنج بەشداربوویەک (20%) ڕایان گەیاند (هیچ گۆڕانکارییەکی بەرچاو)یان هەست پێ نەکردووە و تەنیا 1% کاریگەریی نەرێنییان بینیوە، ئەمەش ئەوە پیشان دەدات کە قەرەبووکردنەوە زۆرجار هەردوو بەهای مادی و هێماداریشی لە چوارچێوە کۆمەڵایەتی و خێزانییەکاندا هەیە.

**ئایا پارەی قەرەبووکردنەوەکە یارمەتیت داوە کە بارودۆخی ژیانت باشتر بکەیت؟**





**لەوەتەی قەرەبووی یاسای ڕزگاربووانی ئێزیدی وەرگرتووە، ئایا هەست بە تێکەڵبوونێکی زیاتر دەکەیت لەگەڵ کۆمەڵگادا؟**





نزیکەی نیوەی بەشداربووان (49%) ئاماژەیان بەوە کردووە کە قەرەبووەکە (هەمیشە) یارمەتییان دەدات پێداویستییە سەرەتاییەکانیان دابین بکەن، لەکاتێکدا 43% ڕایان گەیاندووە کە قەرەبووەکە (هەندێک جار) ڕێگەیان دەدات ئەو کارە بکەن. تەنیا 7% ڕایان گەیاندووە کە قەرەبووەکە (بە دەگمەن) پێداویستییە سەرەتاییەکان بۆ دابین دەکات. ئەمە ئەوە پیشان دەدات کە لە کاتێکدا قەرەبووکردنەوە پشتگیرییەکی بنەڕەتییە، بەڵام ڕەنگە ڕێژەی گونجاوییەکەی بەپێی قەبارەی ماڵ و خێزان، پێداویستییە تەندروستییەکان و فشارە داراییەکانی دیکە بگۆڕێت و لە ڕزگاربوویەکەوە بۆ ڕزگاربوویەکی دیکە جیاواز بێت.

**ئایا وەرگرتنی قەرەبوو بەپێی یاسای ڕزگاربووانی ئێزیدی کاریگەری لەسەر چۆنیەتی مامەڵەکردنی خێزانەکەت و کۆمەڵگەی فراوانتر هەبووە؟**




**ئایا پارەی قەرەبووکردنەوە ڕێگەی پێداوە پێداویستییە سەرەتاییەکانت دابین بکەیت؟**




**بەکارهێنانە دەستبەجێکان و پێداویستییە سەرەتاییەکان**

ئەنجامەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە قەرەبووە مادییەکانی ناو چوارچێوەی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێن لە باشترکردنی بارودۆخی ژیانی ڕۆژانەی ڕزگاربووان. زۆربەی بەشداربووان گۆڕانکاریی ئەرێنییان ڕاگەیاندووە، 45% ڕایان گەیاندووە لە ئەنجامی وەرگرتنی قەرەبووە مادییەکانەوە بارودۆخی ژیانیان (بە شێوەیەکی بەرچاو) باشتر بووە و 51%یش (باشتربوونی مامناوەندی)یان ڕاگەیاندووە.

## هیچ دوا وادەیەک بۆ پێشکەشکردنی داواکاری نییە!
## ئەگەر تۆ ڕزگاربوویت، لێرەدا دەتوانیت بزانیت چۆن داواکاری پێشکەش بکەیت

### ئەگەر تۆ سەر بە یەکێک لەم گروپانەی خوارەوەیت، یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی قەرەبووت پێشکەش دەکات:

- ئەو ژن و کچە ئێزدی، شەبەک، مەسیحی، یان تورکمانانەی لەژێر دەستی داعشدا دیل بوون و ڕزگاریان بووە؛
- ئەو منداڵە ئێزدییە ڕزگاربووانەی لە کاتی ڕفاندنیاندا تەمەنیان لە خوار هەژدە ساڵەوە بووە؛
- هەموو ئەو کەسانەی لە پێکهاتەکانی ئێزدی، شەبەک، مەسیحی، یان تورکمان و لە ڕووداوێکی دیاریکراوی کوشتنی بەکۆمەڵی داعش ڕزگاریان بووە.*

### داواکارییەکان پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کاروباری ڕزگاربووان دەکرێت. دەتوانیت بە سێ شێوە داواکاری پێشکەش بکەیت:

- وەرگرتنی وادەی چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییەکە لە یەکێک لە فەرمانگەکانیان لە شەنگال یان موسڵ، پاشان سەردانکردنی فەرمانگەکە لە وادەی دیاریکراودا. دەتوانن وادەی چاوپێکەوتن لەم بەستەرەدا دیاری بکەن: ur.gov.iq/login بۆ زانیاری لەسەر چۆنیەتی دانانی وادەی چاوپێکەوتن، تەماشای ئەم ڤیدیۆیە بکە: tinyurl.com/53xtt4zv
- پڕکردنەوەی فۆڕم و بردنی بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکە بە دەستی. لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا پێویستە لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەو بەستەرەی سەرەوە ناوت تۆمار بکەیت بۆ ئەوەی کۆدی تۆمارکردنی تایبەتی خۆت بەدەست بهێنیت.
- پێشکەشکردنی داواکاری بە شێوەی سەرهێڵ. دەتوانیت داواکارییەکەت، لەگەڵ هاوپێچی وێنەیەک لە ناسنامەکەت و هەر بەڵگەنامەیەکی پشتگیری کە هەتە لەو بەستەرەی سەرەوە پێشکەش بکەیت. بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر چۆنیەتی پێشکەشکردنی داواکاری بە شێوازی سەرهێڵ، لەم ڤیدیۆیە بڕوانە: tinyurl.com/3rrfdhf2

دەتوانیت بە تەنیا خۆت داواکاری پێشکەش بکەیت، پێویستت بە پارێزەر و ڕێکخراوی ناحکومی بۆ پێشکەشکردنی داواکاری نییە. ئەگەر خوازیاری هاوکاریی بوویت لە پێشکەشکردنی داواکارییەکەت، دەتوانیت پەیوەندی بە ڕێکخراوە ناحکومییەکانی ناوچەکەتەوە بکەیت. وادەی پێشکەشکردنی داواکاری بۆ یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی کراوەیە. هەروەها هیچ پارەیەک بۆ پێشکەشکردن نادەیت.
دەتوانیت لە فەیسبووک ئاگات لە ئاگادارییەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکە بێت: tinyurl.com/5b567sp7

* تکایە ئەوە بزانن لە کاتێکدا ئەم وردەکارییانە ڕەنگدانەوەی دەقی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدین، بەڵام هەندێک بڕگە لە پراکتیکدا بە شێوەیەکی بەرتەسکانە لێکدانەوەیان بۆ کراوە. بۆیە زۆر بەجیدی پێشنیار دەکەین کاتێک داوا پێشکەش دەکەن بۆ یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی یان تانە لە بڕیارەکانی دەدەن، داوای یارمەتیی یاسایی پرۆفیشناڵ بکەن.

## دەربارەی ئێمە

هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە (C4JR) هاوپەیمانییەکە لەنێوان 33 ڕێکخراوی ناحکومیدا بەستراوە، کە داوای قەرەبووکردنەوەی گشتگیر بۆ قوربانیانی سیڤیلی تاوانکارییە دڕندانەکانی سەردەمی شەڕی داعش لە عێراق دەکەن. ئەم هاوپەیمانییە پشت بەیاساکانی عێراق و یاسای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ دەبەستێت بۆ پشتگیریکردن لە داواکارییەکانی ڕزگاربووان، بەمەبەستی قەرەبووکردنەوەیان و هاندانی دەسەڵاتدارانی عێراق بۆ جێبەجێکردنی ئەرکی خۆیان لە دابینکردنی قەرەبووەکاندا. هاوپەیمانییەکە کار دەکات بۆ ئاگادارکردنەوە و داکۆکیکردن و خستنەڕووی چارەسەرە گونجاوەکان، هەروەها بۆ بەشدارپێکردنی لایەنە پەیوەندیدارە جیاوازەکان لەپێناو دڵنیابوون لەوەی ڕزگاربووان مافی خۆیان بۆ قەرەبووکردنەوە بەدی دەهێنن، ئەمەش لەڕێگەی دابینکردنی بۆشاییەک بۆ وردبینی و هاوکاری و بیرکردنەوە.

www.c4jr.org
info@c4jr.org
/C4JRorg

هاوپەیمانی
بۆ قەرەبووکردنەوەی
دادپەروەرانە

C4JR